# هەستەكانم دەدوێن

(بوێر جەمیل ڕەنجبەر)

*دەمێكە ئیلهامی ووشەم نایە ناو قوڵایی دەرونمەوە لە ستوونی بارەكانم لە ژوانگەی شەوگاردا ...لەبانێژەی خەمەكانم لە سەر سنگما ئەستێرە دایدەكوتا.. ئەمە چ ئیلهامێكە زەنوێری لێ دەكردمە كێوی پیرەمەگروون سەرابی خەونەكانم جلەوی هەنگاویان لەدەست دەدا....*
*هەرلەو ساتە پایزە خەمناكەدا باڵیكی ڕەشی بەسەرما پۆشی..ووشەكانی یەك بەدوای یەك لەسێدارە دەداو، نازەكانم ڤاری بوون بەدیتنی ئۆقژنمی خستە نێو دڵ و دەروون...*
*هەر لەو پایزەدا خاك لێوەكانی زەرد هەڵگەڕا بوو.. بۆ دڵۆپێك باران كرنۆشی خوێنی دەبرد... بەڵێ بۆ دڵۆپێك باران كرنۆشی خوێنی دەبرد هێشتا شەفەقی نەدابوو، پەپوولەكان باڵە فریان بوو،،،...*
*لەم پایزەدا داروو درەختەكان مات و مەلوول وەستابوون، هەندێ گەڵا زۆر بەئاستەم خۆیان بەلقەكانەوە ڕاگیر كردبوو، هەندێكی تر بە كزەبایكەوە هەڵدەوەران و هەروەک سەما بۆ مەرگ بكەن...*

*دەگوێ شل كە بۆم هەر خۆشەویستی تۆ بوو هێزوو توانای پێ بەخشیم زۆر بەهێز جنگم لەم خاكە گیركرد، تۆش وەكو باوكێكی دڵ گەورەو بەبەزەیی سۆزی خۆشەویستیت بەسەرما داباراند و ئامێزی گەرمت بۆم كردەوە ، تا وام لێهات چەپووك و نەهامەتی ڕۆژگار نەی توانی زەفەرم پێ ببات دڵڕەقی سرووشت كاری تێ نەكردم گەردەلوولی بەهێز نەی توانی كۆتایی بە دەورم بێنێ لەسەر شانۆی ژیانا.*

*نازانم بۆ دەبنە كۆسپ لە ڕێ گەورەبوونی خۆشەویستیدا.. یان دەیان ویست بەناوی خۆشەویستی دەستم لە گەردەنی ئەو دڵدارە بكەنەوە.*
*دەمەوێ پێت بڵێم نمەك كوێر نیم بەزەییم بە باڵای ژیان نێتەوە ئەوەندەش دڵ ڕەقیش نیم كە داخ لە دڵ و قینەبەربم،،، دەمویست بژیم لە ژێر ئاسمانێكی بێ*

گەواڵەدا لە سایەی پڕشنگی خۆردا لە خاکێکی بژارکراودا ..وەکوو پەپولەیەك بە دوای کۆچی یارەکەی بکەوێ......

ئەمانە هەمویان لەدەروونم بوونە تابلۆیەک کە هیچ چوارچیوەیەک نەیگرێتە خۆی... بوونە هەڵبەستێک کە مل بۆ خامە شۆڕنەکات....

دایکم بەگوێما چرپاندی باوکت هەردێتەوە ئەمرۆ یان سبەی. رۆڵە بە مانگ بڵێ با لە حەشارگەی خۆیدا ئارەزووەکان نەنێژێ..تەنها بۆ شەوێك ئارام بگرێ زەردەخەنەی ووردە ئەستێرەکان بکاتە دیاری ، ئیوەی پێ ژیربکاتەوە، با مەرگ نوێ نەکاتەوە.
بەڵام باوەڕ کردن زۆر ستەمە ئەوە نیە مانگ مەرگ نوێ دەکاتەوە ئۆقرەناگرێ ئەگەر تریفەی سۆزی بەسەردا بڕژێ دەتوێتەوە.. منیش مات و مەلوول لە ژوانگەی ژوورەکەمدا لە بەردەم پەنجەرەکەمەوە بەبێ دەنگی لە ناخمەوە فرمێسك هەڵدەڕێژم خەو زەفەرم پێ نابا.. ئەمجارەیان خۆم هانات بۆ دێنم دەڵێم بابە گیان دەبمخە ناو لافاوی خۆشەویستی خۆت منی مەستی بێ لانە ئارەزووی هەڵەکا دەکەم.

لەم هەورەبانەدا سەیرێکی دایکم کرد گووتم دایەگیان لێم زووير مەبە من خۆشەویستی زۆرم لە ناخی تۆ هەڵمژتووە....بەڵەم کوا دەنگی بابە ،،،،کوا ڕەنگی بابە....

کە لە شعرەکانت ووردەبمەوە هەست دەکەم ماچم دەکەن ماچیان دەکەم.
هەرکە سەردانی گۆڕەکەت دەکەم من بەشێکم لە تۆ تۆش لەمن... منی زیندوو ووردە ووردە تێکەڵاوی گڵەکەت دەبم تا دەبمە گوڵە نێرگزێك کە لە پایزدا هەڵبدەم گۆرەکەت عەتر باران بکەم.